پاریا
PARYA
تا ئافره ت ئازاد نه بێت ژیان ئازاد نابێت

No (4) JULY, 2007 ژماره (٤) ته موزی ٢٠٠٧

پاریا پاشکۆی ئافره تانی مانگنامه ی گه رمیانی ئه مرۆیه

سەرپەرشتیار:
سارا مەجید
دەستەی نووسەران:
نەسرین جەبار– ئیمان جەبار
ئەژین ئەحمەد– هێرۆ محەمەد
دیزاین:
سامان مەجید
کەلار: کتێبخانەی بێدار

# ڕێژەی زەواج لە زیاد بوندایە

## لەماوەی ٧مانگی ڕابردوودا لەکەلار٦٥٨حاڵەتی زەواج و ١٠٦حاڵەتی جیابونەوە تۆمارکراوە

**پاریا،تایبەت:** بەپێی ئاماریکی دادگای کەلار کە کۆپیەیەکی دەست "پاریا" کەوتووە دەرکەوتوە لە (٢٠٠٧/١/١)تا (٢٠٠٧/٦/٢٤) ٦٥٨ گرێ بەستی هاوسەرێتی و ١٠٦ حاڵەتی جیابونەوە تۆمارکراوەو بەم پێیەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا ریژەی زەواج لە زیادبوندایەو تەڵاقیش کەمبۆتەوە.

سەرچاوەیەك لەدادگای کەلارەوە بە "پاریا"ی ڕاگەیاند لەکۆی ئەو ٦٥٨ حاڵەتی زەواجە ٦٤١ یان لە دادگا ئەنجام دراون و ١٧ یان لەدەرەوەی دادگا واتە لای مەلا ئەنجام دراون.

وەسەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لەماوەی ٧ مانگی رابردودا لەو ١٠٦ حاڵەتی جیابونەوەیەی کە تۆمارکراوە ٧٣ لەداواکارەکان پیاوەو ٦٣ لەداواکارەکان ئافرەتە.

هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشکراکرد کەزۆربەی ئەو ژن و پیاوانەی جیابونەتەوە لەیەکتر واتە تەڵاقیان وەرگرتوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ زەواجیان کردووە و تەمەنیان لەنیوان ١٥=٢٥ ساڵیدایە.

سەرچاوەکەی دادکای کەلار لەلێ دوانێکیدا بۆ "پاریا" وتی"هۆکاری هەموو ئەو تەڵاقانەی کە هاتونەتە دادگا تێنەگەیشتنی نیوان ژن و میرد و نەبونی متمانە و ریز و خۆشەویستی بووە.



**تێنەگەیشتنی نێوان ژن ومێرد ونەبونی خۆشەویستی ، دواجار تەڵاقی لێدەکەوێتەوە**

## لە کەلار کچێك تەقە لە خەڵکی دەکات

**کەلار،ئەژین ئەحمەد:** ئێوارەی ٢٠٠٧/٦/٢٩ کاتژمێر ٤:٣٠ ی ئێوارە لە گەڕەکی ئازادی شاری کەلار کچێك تفەنگێك هەڵدەکرێت وبەڕووی خەڵکیدا تەقە ئەکات وخەڵکی کۆڵان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیك لە ڕووداوەکە بە"پاریا"ی ڕاگەیاند ئەم کچە بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئەو کارە چونکە ئەمساڵ لە خوێندن دەرنەچووە ولە ماڵەوە قسەی ناشرینیان پێ ووتوە وئەویش لە ئەنجامدا بە تفەنگێکەوە ڕوودەکاتە ماڵی مامۆستاکەی وگولەبارانیان ئەکات وباوکی کچەکەش کە ئەمە ئەبینێت دەست ئەکات بەلێدانی کچەکەی.

لەو کاتەدا بەزووی هێزەکانی ئاسایش ئەگەن وتفەنگەکە لە دەستی کچەکە وەرئەگرن و وەزعەکە هێمن ئەکەنەوە وناهێڵن هیچ برینداریکی لێبکەوێتەوە.

سەرچاوەیەك لە ئاسایشی کەلارەوە کە لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادەبوو نەیوست ناوی بلێین بە "پاریا"ی ووت ئێستا کچەکەمان گرتووەو لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

# ڕێکخراوەکانی ژنان بەرژەوەندی حیزبی دەخەنە پێش بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)وە

**سلێمانی،پاریا:** لەئەنجامی توێژینەوەیەکی دەرچوانی زانکۆی سلێمانی دەرکەوتوە کە ڕۆڵی ڕیکخراوەکانی ئافرەتان لە کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و بەشداری سیاسیان و چەند لایەنیکی تر لەئاستی پیویستدا نیە.

لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە خویندکار گۆران غەفور ساڵح خوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی کۆمەڵناسی ئەنجامی داوە دەردەکەوێ ڕێژەی لەسەدا ٣٦ ی بەشداربوان پییان وایە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەرژەوەندی حیزبی دەخەنە پێش بەرژەوەندی رەگەزی (مێ)وە و تەنها لەسەدا ٢٤ ی بەشداربوان بۆچونیان بە پیچەوانەوە بوە.

لەسەدا ٢٨ بەشداربوانی تویژینەوەکە پێیان وایە ڕیکخراوەکانی ئافرەتان ڕۆلیان هەبوە لە گەیاندنی خواستەگانی ئافرەتان بەدەسەلات و بەرپرسان، لەبەرامبەردا لەسەدا ٦٠ ی بەشداربوانی لێکۆلینەوەکە پییان وایە ڕیکخراوەکانی ئافرەتان هیچ ڕۆلیکیان نەبوە لە گەیاندنی داخوازییەکانی ئافرەتان بە دەسەلات.

بەشداربوانی ئەم ڕاپرسییە لەسەدا ٩٠ ی ئافرەتانن و تەمەنیان لەنیوان (٢١–٢٥) ساڵیدایە.

ئەو ڕیکخراوانەش کە دەکەونە چوارچیوەی ئەم راپرسییەوە پیکهاتون لە هەریەك لە(یەکیتی ژنانی کوردستان و یەکیتی ئافرەتانی کوردستان و یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی کوردستان و خوشکانی کۆمەلی ئیسلامی کوردستان و کۆمەلەی ئافرەتانی کوردستان و ئافرەتانی سۆسیالیستی کوردستان )ن.

بۆ لاپەڕە(٢)

## یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کوشتنی ژنان تەحریم دەکات

**کەلار،پاریا:** مامۆستا مەلا حەمە ئەمین لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکیدا وتی ”لە چەند رۆژی رابردوودا وەزیری ئەوقاف و کارو باری ئاینی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبۆتەوە و پلانێکی گشتگیر داریژراوە بۆ ئەوەی لە ریگای مینبەرەکانی مزگەوتەوە هەوڵی وشیارکردنەوەی هاولاتیان بدرێت بەوەی ئاینی ئیسلام کوشتنی مرۆڤی بەگشتی حەرام کردوە“ هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ”ئێمە وەك یەکێتی زانایان وەك هەمیشە لە رابردوو و بۆ لە مەودواش لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دژی کوشتنی ژنان بوینە و بە نارەوا وەسفمان کردوە و دوامان کردوە تەحریم بکرێت.

مامۆستا مەلا حەمە ئەمین ئەوەشی زیادکرد کوشتنی ژن بەدەر لەوەی تاوانەو نابێت ئەنجام بدرێت، بەڵکو لە رووی کۆمەلایەتیشەوە دەیان کێشە و گرفت لەگەڵ خۆی دروست دەکات و دواتر شیرازەی کۆمەڵگا تێك دەچێت.

### لە ڕزگاری
# کارگەیەکی بەرگدووری دەکرێتەوە

**ڕزگاری،پاریا:** بڕیاروایە وەزارەتی وەرزش ولاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ناحیەی ڕزگاری کارگەیەکی بەرگدوری بۆ ژنان وکچانی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان ونەخوێندەوارو بێکارەکان بکاتەوە بۆ باشکردنی باری ئابوریيان.

سروە محەمەد بەڕێوەبەری ناحیەی ڕزگاری پێی ڕاگەیاندین "وەفدێکی وەزارەتی وەرزش ولاوان سەردانی ناحیەکەمانیان کردووە وداوایان کردووە چەند پرۆژەیەکیان پێشکەش بکەین، یەکێك لەو پرۆژانەی داوامان کردووە کردنەوەی کارگەیەکی بەرگدورییە بۆ ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال کە لە ڕزگاری دروست بکرێت"

لە بارەی چۆنێتی کردنەوەی کارگەکەوە سروە وتی" بڕیار وایە ١٠ مەکینەی گەورە بە پێداویستیەکانیەوە دابین بکەن وەکو کارگەیەکی بەرهەم هێن کۆمەڵێك ژن وکچ تیایدا کاربکەن بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئابوری خۆیان."

وە سروە ئاماژەشی بەوە کرد کە چەندین خولی سەرەتاییان بۆ فێربوونی ئیشی بەرگدوری لەلایەن کەسانی شارەزاوە بۆ ئەو ئافرەتانە کردۆتەوە وبەرگدورەکان دەست ئەکەن بە دورینی جل وبەرگ و جلی وەرزشی.

### ژنانی گەرمیان
# لەتاقیکردنەوەی شۆفێری دەرناچن


**کەلار،پاریا:** بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی شۆفێری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕوو لە نوسینگەکانی ڕاهێنان دەکەن وزۆربەیان لە ئەنجامی پراکتیکی دەرناچن ولە کۆی ١٨٠٨ کەس تەنها ٢٥ ئافرەت مۆڵەتی شۆفێری وەردەگرن.

بەڕێز عبدالرزاق بەڕێوەبەری بەشی مۆڵەتی شۆفێری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان پێی ڕاگەیاندین کە ژماریەکی زۆر لە کچان وژنان تا ئێستا ڕوویان لە نوسینگەکان کردووە بۆ بەدەس هێنانی مۆڵەتی شۆفێری، بەڵام زۆربەیان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پراکتیکی دەرنەچوون.بەڕێز عبدالرزاق هۆکاری دەرنەچوونی ئافرەتانی لە تاقیکردنەوەکانی شۆفێری و وەرنەگرتنی مۆڵەتی شۆفێری گەڕاندەوە بۆ ئەو کۆتانەی کە کۆمەڵگا خستویەتیە ملی ئافرەتان وشڵەژانی لا دروست کردووە.


لە وباریەوە وتی" کۆمەڵگای ئێمە کچان وژنان دەبەستێتەوەو ئازادیەکانی لێ زەوت دەکات، ئەمەش وادەکات ژنان بەو شتانە نامۆبن وبەترسەوە ڕوو لەو ئیشانە بکەن ولەکاتی تاقیکردنەوەکاندا بشەڵەژێن وئەمەش وادەکات لە تاقیکردنەوەکان دەر نەچن"



**دوعای مەرگم بۆ بکەن**
.... ل٢



**قەیرەیی ژیانێك لەسێبەری تەنهاییدا**
کچێك: خۆزگەم بەکوران کە بەدڵی خۆیان ژن دەهێنن، بریا منیش بمتوانیایە بەدڵی خۆم شوم بکردایە ....ل٣




**نازك مەلائیکە ماڵئاوایی کرد**
ڕابەری شیعری نوێی عەرەبی دوور لەوڵاتی خۆی لەگەڵ ململانێی سەختی نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد .... ل٤